سەماحەتی حەکیم.. دابونەریتی خواردن سەرەتا بە بسم اللە و کۆتاییش بە ئەلحومدوللە دەبێت

سەماحەتی عەمار حەکیم سەرەکی ژیانی حیکمەی نیشتمانی بەردەوام بوو لە باسکردنی مافی هەژاران و پێویستی ئیمام و گەورەمان ئیمام زەین ئەلعابدین کوڕی عەلی کوڕی حوسێن (سلاوی لێبێت) لە بابەتی مافی سك لەبرش دەینێ سەر تیشکی هەشتەم کە پێویستە بە دابونەریتی خواردن، چونکە خواردن پێش خواردن ودوای خواردن داب و نەریتی خۆی هەیە.

داب و نەریتی پێش خواردن

سەماحەتی گوتی :

1- لایەنی خواردن: پێویستە خواردنەکە حەڵاڵ بێت، هەروەها پێوستە ژێگای بەدەستهێنانی پارەکە ئاشکرا بکات کە چۆن پەیدا کراوە، نابێت خواردنەکە گومانی حەرامی و شتی لێو بابەتی لەسەر بێت.

ئیمام محەمەد باقر (سلاوی لێ بێت) دەفەرمێت: پێغەمبەر سڵاوی لێ بێت گوتوویەتی " "العبادة سبعون جزءا أفضلها طلب الحلال "

واتا پەرستن 70 بەشە باشترینی کاری حەڵاڵە

2- شوشتنی هەردوو دەست:

پێغەمبەر سڵاوی خودای لێ بێت گوتوویەتی : " الوضوء قبل الطعام ينفي الفقر وبعده ينفي اللمم ويصحح البصر"، وعنه (صلى الله عليه وآله وسلم)" من سره أن يكثر خير بيته فليتوضأ عند حضور طعامه "

3- پێویستە خواردنەکەی لەسەر سفرەیەك لەسەر زەوی دابنێت.

ئەنەس کوڕی مالك دەفەرمێت: هەرگیز پێغمبەر (سڵاوی خودای لێ بێت) لەسەر خوان نانی نەخواردوە لێیان پرسی لەسەر چی نانتان دەخوارد دەیگوت لەسەر سفرە.

4- پێویستە وەك بەندەیەك دابنیشێت کاتێك نان دەخوات، دەبێت لەسەر هەردوو چۆك دابنیشێت و نابێت قاچ بخات سەر قاچ یان چوارگۆشەیی دابنیشێت چونکە خودای گەورە ئەو جۆرە دانیشتنەی نەهی کردوە و ڕقی لێیەتی، لەوەش کە ئەو کارە دەکات.

5- پێویستە نیەت بهێنێت و لەپێناو گوڕایەڵی خودای گەورە بێت ولەوە نەچێتە دەرەوە.

6- پێوستە شوکرانەبژێو خواردنەو ئەو ڕزقە بکات کە لەبەردەمی دانراوە.

پێغەمبەر (سڵاوی لێبێت) دەفەرمێت "

" أكرموا الخبز، قيل: وما إكرامه؟ قال: إذا وضع لا ينتظر به غيره"

7- پێویستە هەموو لە دەوری سفرەکە کەبنەوە.

پێغەمبەر (سڵاوی خودای لێ بێت) دەفەرمێت :

" الطعام إذا جمع أربع خصال فقد تم إذا كان من حلال و كثرت الأيدي و سمي في أوله و حمد اللّه عز و جل في آخره"

بەڵام دابو نەریتەکانی خواردن ئەو خاڵانە دەگرێتەوە:

1- پیغەمبەر (سلاوی خودی لێ بێت) دەفەرمێت: ئەگەر چوار هەزار پادشا لەسەر سفرەکە دانیشتبن ئەگەر بەندەیەك گوتی بسم الله ئەوا فریشتەکتن دەفەرمێت بارەك الله و بەشیتان دەکەن برێ دەرەوە فاسق تا دەستڵاتت بەسەریان نییە، فریشتەکان دەکەن "

قوم أنعم الله عليهم فأدوا شكر ربهم، وإذا لم يسموا قالت الملائكة للشيطان: ادن يا فاسق فكل معهم فإذا رفعت المائدة ولم يذكروا اسم الله عليها، قالت الملائكة: قوم أنعم الله عليهم فنسوا ربهم جل وعز" .

2- خواردن بەدەستی ڕاست دەبێت.

3- بەخۆ دەست پێ دەکات و بە خۆش بەکەتا دێت.

ئیمام عەلی (سڵاوی لێ بێت) دەفەرمێت : بەخۆ دەست بە سەرپەتای خواردنەکەتان بکەن، گەر خەڵك بزانن خۆ چییە ئەوا لەهەموو شتێکی بەباشتر دادەنێن.

4- دەبێت پاروەکان بچووك بێت

5- پێویستە خواردن باش بجوێین

6- تا ئەو پاروە تەواو نەکەیت دەست بە پاروەی تر نەبەی.

7- نابێت سووکایەتی بە هیچ خواردنێك بکەیت.

8- ئەوەی دواتر بخۆ جگە لە میوە

9- نابیت بەدوای باشترین شوێنی خواردنەکە یان لەناوەڕاستی دەست پێ بکەیت دەبێت لە تەنیشتی بخەیت.

10- نابێت بە چەقۆ بیبڕیت

11- نابێت بە چەقۆ گۆشتەکە ببڕێت دەبێت پێغەمبەر (د خ) دەفەرمێت دەبێت ئاوا بخورێت و بکەڕێت.

12- نابێت پارچەی گۆشت لەسەر نانەکە دابنرێت.

پێغەمبەر دەفەرمێت " أكرموا الخبز فإن الله أنزله من بركات السماء وأخرجه من بركات الأرض

واتا ڕێز لە نان بگرن ئەو پیرۆزی خودایە لەئاسمان هاتوە بە سەر زەوی.

13- نابێت دەست بە نان بسڕینەوە

14- نابێت ئەو خواردنەی لەدەست دەکەوێتە خوارەوە هەڵبگرێتەوە و بیخۆی

15- نابێت دەستی بە دەستەسڕ بسڕێتەوە، تا پێنجەکانی نەڵەسڕێتەوە چونکە دیار نییە لەکام خواردن پیرۆزی تێدایە.